تەوەرێک دەربارەی «نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی»



WWW.JINEFTIN.KRD

## دەربارەی نێوەندی ڕەهەند و گۆڤاری ڕەهەند

# "مەریوان وریا قانع"

## لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ژنەفتن

سازدانی: بەرهەم ئەحمەد؛ ژنەفتن

ژنەفتن

ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

پاش زیاد لە چارەکە سەدەیەک بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕەهەند و ڕاگەیاندنی (نێوەندی ڕەهەند بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی)، ماڵپەڕی ژنەفتن دەیەوێت لە ڕێگەی تەوەرێکەوە دەربارەی گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەند(کە ئێستا بە ڕەهەندییەکان دەناسرێن) و ناوەندی ڕەهەند، کار لەسەر ڕۆشنکردنەوەی ناسنامە و ماهییەتی ئەو ڕەوتە یان نێوەندە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بکات. بۆیە سەرەتا لەسەر کۆمەڵێ پرسی پێوەندیدار بە تەوەرەکەوە چاوپێکەتنی لەگەڵ چەند کەسێک لە فیگەرە سەرەکییەکانی گۆڤار و نێوەندەکە ساز داوە. ئەمەی دەیخوێننەوە چاوپێکەتینێکە لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیر "مەریوان وریا قانع" وەک کەسێکی سەرەکیی ناو گۆڤاری ڕەهەند و نێوەندی ڕەهەند.

**ژنەفتن**: (ڕەهەند) بە چ ئامانج و مەبەستێک دەستی پێ کرد؟ سەرەتا تەنیا ئامانجی دەرکردنی گۆڤارێک بوو، یان وەک لە بەردەوامیدا بینیمان، پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری بوو، ئایا لای خۆیشتان هەر لە سەرەتاوە وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنگەری و ڕووناکبیری کارتان لەسەر کرد، یان هەر دەرکردنی گۆڤارێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی خۆتان (واتە دەستەی نووسەران)؟

**مەریوان وریا**: نەخێر، خولیای دەرکردنی "ڕەهەند"، خولیای دەرکردنی گۆڤارێک نەبوو بە تەنها، تەنها ئەوە نەبوو نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە مینبەرێکیان بۆ قسەکردن هەبێت، یاخود هەموو وەرزێک جارێک وتارێک بنووسن و بڵاوی بکەنەوە. ڕەهەند بیرکردنەوە بوو لە دروستکردنی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی هەمەلایەن کە هەوڵی گۆڕین و تازەکردنەوەیەکی بەرفراوانی ڕۆشنبیریی کوردی بدات و کاریگەریش لەسەر کایەکانی تری ناو کۆمەڵگای کوردستانی، بەجێ بهێڵێت. ئەمە خەونی گەورە و ئاشکرای زۆرێک لە ئێمە بوو لە ڕۆژی سێهەم و چوارەمی ڕاپەڕینەوە. بەڵام مێژووی ئەم خەونە لای هەندێکمان درێژتر بوو لە دەرکردنی "ڕەهەند". بە تایبەتی لای من هەوڵدان بۆ ڕەخنەکردنی ڕۆشنبیریی باو لە کوردستاندا و تازەکردنەوەی هەندێک دەرکەوتی ئەو ڕۆشنبیرییە، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووهەمی ساڵانی هەشتا. یەکەم نووسینی جیدی من وتارێکی ڕەخنەیی بوو لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی "گوڵی ڕەش"ی 'شێرازد حەسەن'، کە تیایدا هەوڵمدا بوو میتۆدێکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ناو ڕۆشنبیریی کوردی بهێنم، میتۆدێک من لەو سەردەمەدا و لە پاڵ ڕەخنەگری فەرەنسیی 'لوسیان گولدمان'دا ناوم نابوو "بونیادگەریی پێکهێنەرانە"، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی لەو بونیادگەرییە فۆرمالیستییەی لە عێراقی ساڵانی هەشتادا، لە ڕەخنەی ئەدەبی لە عێراقدا باڵادەست بوو. بابەتی سەرەکیی ئەو نووسینە تێرامان بوو لەو ئیفلیجبوونە مێژووییەی پاڵەوانەکانی 'شێرازاد حەسەن' لە ناویدا گیرۆدە بووبووبن، ئەگەرچی ئەو پاڵەوانانە خوێندەوار بوون

و خواستێکی گەورەی گۆڕین و دەستکاریکردنی دونیاشیان هەبوو. گیرخواردن بە دەست واقیعێکی مێژوویی دیاریکراوەوە و زەحمەتیی دەسکاریکردنی ئەو واقیعە، ئەو دەرەنجامە بوو کە من لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکەی **'شێرزاد حەسەن'**دا پێی گەیشتم. بەدوای ئەو نووسینەدا و لە هەمان دیدگاوە و بە هەمان میتۆدی ڕەخنەیی لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر شیعری "خۆکوشتن"ی **'محەمەد عومەر عوسمان'** نووسی و باسم لە بیرۆکەی خۆکوشتن و مەحاڵبوونی پیادەکردنی کردەی خۆکوشتن لە ئەدەبی ئەو شاعیرە گرنگەی ساڵانی هەشتای ناو ئەدەبیاتی ئێمەدا کرد. لەوێشدا کردەی خۆکوشتن، وەک جۆرێک لە جوڵەی ڕادیکاڵ، بەڵام نێگەتیڤ، دیسانەوە دواخرابوو بۆ سەردەم و زەمانێکی نادیار. دواتر نووسینێکی ترم بە هەمان میتۆد لەسەر شیعری "پایز"ی **'گۆران'** نووسی و لەوێدا، بە پێچەوانەی خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییە باڵادەستەکانی ئەو ڕۆژگارەوە، 'گۆران'م وەک یەکێک لە خەمبارترین شاعیرەکانی دونیای ئێمە نیشان دا. شاعیرێک بە هەر ئاراستەیەکدا دەڕوانێت گریان و پەژارە دەبینێت. دواتر نووسینێکی ترم لەسەر شیعری "لە ناکەس کارییا"ی **'مەحوی'** نووسی، ئەوەم نیشان دا مەحوی پێ لەسەر ونبوونی یەقین لە جیهانبینیی خۆیدا دادەگرێت و لەتلەتبوونی خۆی لەنێوان دین و دونیادا دادەگرێت. دواتر هەندێک نووسینی تیۆریم لەسەر مەسەلەی پەیوەندیی نێوان بونیادەکان و جوڵە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر کێشەی بەرهەمهێنانی تێکست لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا و غیابی عەقڵانیەت لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، نووسی. لەم نووسینانەدا بۆ یەکەمجار هەندێک چەمکی 'میشێل فوکۆ'م بەکار هێنا، بە تایبەتی چەمکی "ئەبستیم" بۆ نیشاندانی ئەو دۆخی چەقبەستن و ناتیۆرییەی ڕۆشنبیریی ئێمە لە ناویدا جێگیرە. دوای ئەم زنجیرە نووسینانە یەکەمین بەریەککەوتنی فیکریی من لەگەڵ **'زاهیر ڕۆژبەیانی'**دا دروست بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ناسرابوو، بەریەککەوتنەکە لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی تێگەیشتن بوو لە بونیاد و پێکهاتی ڕۆشنبیریی کوردی و چۆنیەتی تازەبوونەوە و دروستکردنی دابڕان لە ناویدا. لەو زنجیرە نووسینەدا من بۆ کۆمەڵێک بۆچوونی 'گاستۆن باشلار' و 'میشێل فوکۆ' و 'لویس ئالتۆسێر' گەڕابوومەوە، هێنانی ئەم ناوانەش بۆ ناو ڕۆشنبیریی ئێمە کارێکی نوێ بوو. بە کورتییەکەی ئەوەی من لەو ڕۆژگارەدا پێوەی خەریک بووم، هەم ڕەخنەکردنی هێڵە گشتی و سەرەکییەکانی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، هەم پێشنیارکردنی میتۆد و شێوازی نوێی خوێندنەوە و شیکردنەوە بوو، هەم پێشنیارکردنی نووسەر و بیریار و تێزی فیکری و میتۆدی نوێ بوو، کە هەموویان لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا نەناسراو بوون. من هەموو ئەم کارانەم لەنێوان ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٩٠دا ئەنجام دا. لەو سەردەمەدا **'بەختیار عەلی'**ش چەند وتارێکی نووسی بوو، بەڵام هەم دیوانی "گوناه و کەرنەڤاڵ" و هەم ڕۆمانی "مەرگی تاقانەی دووهەم"یشی نووسی بوو، بەڵام هیچیانی بڵاو نەکردبووەوە. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئێمە، بە تایبەتی من و بەختیار، هەر لە سەرەتاوە خەونی بەرپاکردنی گۆڕانکارییەکی گەورەمان لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبوو.

دوای ئەوەی ڕاپەڕین دەستی پێ کرد و دونیای ئێمە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا تەواو گۆڕا، خەون و پلانەکانی ئێمەش گۆڕا. شەوی بەرپابوونی ڕاپەڕین من لە سلێمانی لە ماڵی 'بەختیار عەلی' بووم. ڕۆژی دووهەم یان سێهەمی ڕاپەڕینیش کاتێک سلێمانی بە تەواوی ڕزگار کرا، من و بەختیار بڕیارمان دا گۆڤارێکی فیکری دەربکەین. پێمان وابوو دۆخێکی تازە دروست بووە و پێویستی بە قسە لەسەر کردن و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکی تازە و مەعریفییانە هەیە. ساتەوەختێک بوو ئەو ئەگەرەی خستە بەردەممان شتێک لەو خەونانەی هەڵمانگرتبوو، بکەین بە واقیع. لە ماوەی دوو هەفتەی یەکەمی ڕاپەڕیندا ئێمە، بەختیار و من و چەند نووسەرێکی گەنجی تری سەر بە هەمان نەوە "گۆڤاری ئازادی"مان دەکرد. من لە ژمارەی یەک و دووی "**گۆڤاری ئازادی**"دا دوو نووسینم بڵاوکردەوە. یەکێکیان بە ناونیشانی "سەرخان و سەرخانی وەهمی" بوو، کە ڕەخنە بوو لەو دیدە مارکسییە میکانیکییەی کە پێی وایە هەموو ژێرخانێک سەرخانێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات. لە باتی ئەو دیدە من بەرگریم لەوە دەکرد کە هەندێک ژێرخانی کۆمەڵایەتی هەن، ناتوانن سەرخانی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، بۆ نموونە ئەو ژێرخانە ئابوورییانەی لە کۆمەڵگاکانی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەن توانای دروستکردنی سەرخانێکی سەربەخۆیان نییە کە بتوانێت لەناو واقیعی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایانەدا چالاکانە کار بکات. لە باتی ئەمە، سەرخانی تر، لە فۆرمی گواستنەوە و پەلکێشکردنی دەزگا و ڕێکخراو و جۆری پەیوەندیی تایبەت و ئایدۆلۆژیای خواستراودا، لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانەوە دەهێنێت. واتە ئەوەی ڕوو ئەدات بەرهەمهێنانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی بۆ سەرخانێکی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکوو گواستنەوە و هێنانی "سەرخان"ە لە خۆرئاواوە، سەرخانێک دەربڕی پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا و بوونی مێژوویی تایبەتی ئەوانن. نووسینی دووهەمیشیان باسێکی درێژە لەسەر کاریگەریی "سیستمی عیرفانی" بە درێژایی چەندان سەدە لەسەر ڕۆشنبیریی ئێمە و کێشەکانی ئەم کاریگەرییە لەسەر ئەو ڕۆشنبیرییە. ئەم نووسینە لەژێر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی تێزە سەرەکییەکانی فەیلەسوفی مەغریبی '**محەمەد عابد جابری**'دا بوو، کە بە درێژایی هەشتاکان ئەستێرەی ژمارە یەکی ناو ڕۆشنبیریی عەرەبی بوو. هەر لە ژمارە یەکی "گۆڤاری ئازادی"دا بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤمان بۆ زمانی کوردی وەرگێڕا، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەوە یەکەمجار بوو ئەو بەیاننامەیە بە زمانی کوردی ببینرێت.

**«من و بەختیار، هەر لە سەرەتاوە خەونی بەرپاکردنی گۆڕانکارییەکی گەورەمان لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبوو. »**

بەڵام من لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢دا کوردستانم بەجێ هێشت و چووم بۆ ئەوروپا. لەو ڕۆژگارەدا و لە ئەوروپا کاک ئاراس فەتاح و کاک هەڵکەوت عەبدوڵا و کۆمەڵێک نووسەری تر، گۆڤارێکی فیکرییان دەردەکرد بە ناوی "یەکگرتن". من هەندێک نووسینم لەو گۆڤارەدا بڵاو کردەوە. وابزانم یەکێکیان ڕانانێکی درێژ بوو بۆ کتێبی "دیسپلین و سزا"ی میشێل فوکۆ. دوو ساڵێک دواتر 'بەختیار عەلی'ش کوردستانی بەجێ هێشت و هات بۆ ئەڵمانیا، ئیتر بیرۆکەی ئەوەمان لا دروست بوو گۆڤارێکی تازە لە ئەوروپا دەربکەین و لە کوردستانیش بڵاوی بکەینەوە. دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی گۆڤاری یەکگرتنیان دەردەکرد، بڕیارماندا هەم گۆڤاری ئازادی و هەم گۆڤاری یەکگرتن هەڵبوەشێنینەوە و لە شوێنی ئەواندا "گۆڤاری ڕەهەند" دەربکەین. بەم جۆرە گۆڤاری ڕەهەند لەدایک بوو. وەک وتم خەونی ئێمە لە "ڕەهەند"دا گەورەتر بوو لە دەرکردنی گۆڤارێک بە تەنها، ئێمە دەمانویست ناوەندێکی ڕۆشنبیری دابمەزرێنین کە بتوانێت کاری زیاتر و زۆرتر و دەزگایی بکات. خودی گۆڤاری ڕەهەندیشمان وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری دەبینی کە توانای کۆکردنەوەی دەنگە ڕۆشنبیرییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانی هەبێت، بشتوانێت ببێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ڕوانین بەسەر سێ شتدا:

یەکەم: خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و نرخاندنی مێژووی ڕۆشنبیریی کوردی و هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی گرفتە بونیادییە گەورەکانی، شتێک دەچووە بواری شیکردنەوەی ئەپیستمۆلۆژی و سۆسیۆلۆجیای مەعریفەوە.

دووهەم: خوێندنەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینیی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی کوردیی دوای ڕاپەڕین کە هەر زوو هەمووانی فڕێدایە ناو جەنگ و کارەساتی گەورەوە. ئەم دۆخە وای کرد یەکێک لە تێما هەرە سەرەکی و گرنگەکانی گۆڤاری ڕەهەند قسەکردن بێت لەسەر چەمکی دەسەڵات و شێوازی ئامادەگی و ئیشکردنی لە دونیای ئێمەدا. بۆ ئێمە ئاشکرابوو کە دونیایەکی تەواو مەترسیدار بەڕێوەیە و لە دروستبوونێکی ڕۆژانە و بەردەوامیشدایە. لەم ئاستەشدا شتێک لە فەلسەفەی سیاسی و بڕێکی زۆر لە سۆسیۆلۆژیای سیاسی و سۆسیۆلۆژیای دینی و سۆسیۆلۆژیای دەسەڵات لە گۆڤاری ڕەهەندا، ئامادەبوو.

سێهەم: ناساندن و خوێندنەوە و گەر کراش وەرگێڕانی ئەو بەشانە لە فیکری خۆراوا کە پێمان وابوو دەتوانێت هاریکارمان بێت بۆ ناسینێکی باشتر و زانستیانەتری دونیای خۆمان.

ئێمە سەرجەمی ئەو کارانەمان لەسەر حیسابی خۆمان دەکرد، زۆربەشمان قوتابی بووین و دەمانخوێند، یان کارێکمان دەکرد بۆ پەیداکردنی بژێوی بۆ خۆمان و بۆ هاریکاریکردنی کەسوکار و ناسراوەکانمان لەناو دۆخە ئابوورییە پڕوکێنەرەکەی ساڵانی نەوەدی سەردەمی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق. چەند جارێکی زۆر کەم لە ڕێگای پەیوەندیی شەخسییەوە هاریکاریی سادەمان لەم یان لەو نووسەری ئەوروپی بۆ گۆڤارەکە وەردەگرت، یاخود کاتێک من لە هۆڵەندا نزیکەی ٣٠ هەزار دۆلارم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هۆڵەندا بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی پەیدا کرد تا چاپخانەیەکی پێ بکڕن، ڕێژەی ١٠ لەسەدی ئەو پارەیەمان بۆ گۆڤاری ڕەهەند وەرگرت. دۆخی ژیانی زۆرینەشمان وەک پەناهەندە و خوێندکار لە ئەوروپادا هێجگار سەخت و پڕ گرفت بوو، بۆیە دواجار نەمانتوانی ئەوەی بە تەمای بووین و خەونمان پێوە دەبینی، هەمووی وەدی بهێنین. بەڵام لەوەدا سەرکەوتین لە ساڵی ١٩٩٨دا، واتە دە ساڵ دوای کارەساتی ئەنفال، کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی گەورە لە زانکۆی ئەمستردام بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی ئەنفال ڕێک بخەین. ئەوە یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بوو لەسەر ئەنفال لە جیهاندا، لە سەردەمێکیشدا بوو بەعس نەک هێشتا مابوو، بەڵکوو بەرەو ئەوە دەڕۆیشت بگەڕێتەوە بۆ ناو هاوکێشە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان. کۆنفرانسەکە دەنگدانەوەیەکی هێجگار باشی هەبوو، نوێنەری چەندان سەفارەتی وڵاتانی تێدابوو، ژمارەیەکی گەورەش لە کوردناسان و ئەکادیمییە ئەوروپییەکانی شارەزای کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشدار بوون، کۆنفرانسەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بوو. دواتر ئێمە هەندێک لەو نووسینانەی بە زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش کرابوون، بۆ کوردی وەرگێڕا و لە ژمارەیەکی گۆڤاری ڕەهەنددا بڵاومان کردەوە.

دواخاڵ بمەوێت شتێکی کورتی لەسەر بڵێم، ئەوەیە ڕەهەند هەر لە سەرەتاوە کەوتە بەر هەڕەشەی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و بەگژاچوونەوە و شکاندن و ناوزڕاندنی نووسەرەکانی. کار بەوە گەیشت هەندێک نووسەری کوردستانی ئێرانیشیان کڕی و ئەوانیش قسەیان بە گۆڤارەکە و نووسەرەکانی دەگوت. لەمەدا ڕۆڵی '**مەلا بەختیار**' لە ڕۆڵی هەموو کەسێکی تر خراپتر بوو. دۆخەکە بە ئاستێک گەیشت کاک ڕێبین هەردی و من ناچار بووین یەکی کتێبێکی قەبەی چەند سەد لاپەڕەیی لەسەر تۆمەت و کارە خراپەکانی "مەلا بەختیار" بنووسین. لە ڕاستیدا ڕەهەند هەر لە سەرەتاوە هەردوو ئەو ڕۆڵەی پێ بەخشرا کە لە مێژووی فیکری مۆدێرندا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، بە ڕۆڵی

ڕۆشنبیر و بیرکەرەوە دەبەخشرێت. یەکەمیان ئەو ڕۆڵە نێگەتیڤەیە کە دەسەڵاتدارانی وەک 'ناپلیۆن' بە ڕۆشنبیری ئەبەخشن، ڕۆشنبیر وەک کەسێکی تێکدەر و گێرەشێوێن. دووهەمیان ئەو ڕۆڵە پۆزەتیڤە کە لەگەڵ 'مارکس'دا دێتە کایەوە، ڕۆشنبیر وەک کەسێک کە هەم تەفسیری دونیا دەکات و هەم بەشداریشە لە گۆڕانیدا. ڕەهەند هەم دوژمنی ناپۆلیۆنانە و هەم دۆستی مارکسییانەی زۆری دروست کرد.

«ڕەهەند هەم دوژمنی ناپۆلیۆنانە و هەم دۆستی مارکسییانەی زۆری دروست کرد.»

**ژنەفتن**: ئایا ڕەهەند لە دەستپێکدا گوتارێکی سەرەکی و کۆنکریتی هەبوو؟ یان بەرەبەرە گوتارەکەی یان گوتارەکانی فۆرمیان گرت؟

**مەریوان وریا:** ڕەهەند نە لە سەرەتادا و نە لە کۆتاییشدا یەک گوتاری سەرەکی یان ناسەرەکی نەبووە. ڕەهەند پرۆژەیەکی فیکری پلوارل بوو کۆمەڵێک نووسەری جیاواز، بە شێوازی جیاواز و لە دیدگای جیاوازەوە لەسەر بابەتی جیاواز تیایدا دەیاننووسی. پێم وابێت ڕەهەند لە باتی گوتاری هاوبەش، هەڵوێست و ڕۆحیەتێکی ڕەخنەگرانەی هاوبەشی هەبوو. ڕەخنەی ئەو جیهانەی دروست کرابوو، ئەو ژینگەیەی کۆمەڵگاکەی تێخرابوو، ئەو گوتارە باڵادەستانەی لە ناویدا دروست کرابوو، ئەو کێشە بونیادییانەی لەناویدا بەرهەم هاتبوو، ئەو مێژووە ڕۆشنبیری و سیاسییەی کە هەیبوو، بە تایبەتیتریش ئەو فۆرمەی دەسەڵات کە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا تیادا دروست کرابوو. هەر نووسەرێک لە نووسەرە سەرەکییەکانی گۆڤارەکە هێڵی تایبەتی بیرکردنەوە و میتۆد و "بێمیتۆدی"ی تایبەتی خۆی هەبوو، هەریەکێکیشیان بابەت و زمان و ئوسلوبی نووسینی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەوەی نووسینەکانی کۆ دەکردەوە ڕۆحیەتە تیۆری و ڕەخنەییەکەی نووسینەکان بوو، شێوازێکی تایبەت لە جدییەت بوو لە نووسیندا، سوودوەرگرتن بوو لە فیکر و میتۆدە زانستییە هاوچەرخەکان، دروستکردن و بەکاربردنی زمانێکی تەواو تازە بوو، نەک بوونی دیدێکی ئایدیۆلۆژی یان فیکریی هاوبەش، یان گوتارێک هەموومان لە ناویدا کۆببووبینەوە، یان تێزێک هەمووومان لەسەری کۆک بین و بەرگری لێ بکەین. بۆ کەسێک خەریکی لێکۆڵینەوە لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە بێت بە ئاسانی جیاوازی گەورەی نێوان نووسەرانی گۆڤارەکە، دەبینێت. ڕەنگە خاڵێکی تر کە نووسەرەکانی ڕەهەند لەسەری کۆک بووبن ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان وابوو فیکر دەتوانێت شتێک لە واقیعدا بگۆڕێت، بە تایبەتی فیکرێکی ڕەخنەیی کە کێشە سەرەکی و گرفتە بونیادییەکان دەستنیشان بکات و لە پەیوەندییەکی پتەودا بێت بەو واقیعە مێژووییەوە کە لەئارادایە.

**ژنەفتن:** بۆ لەو چرکەساتە مێژووییەدا ڕەهەندییەت بەو فۆرمەوە لەناو ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەریی کوردیدا سەر هەڵدەدات؟ چ پێوەندییەکەی بە نەتەوەی کوردەوە هەبووە (لەو مێژوودا)؟ کەسە بنەڕەتییەکان و دەستپێشخەرەکان ڕەهەند کێ بوون؟

«ڕەهەند لە باتی گوتاری هاوبەش، هەڵوێست و ڕۆحیەتێکی ڕەخنەگرانەی هاوبەشی هەبوو.»

**مەریوان وریا:** سەرەتا نازانم مەبەستتان لە "ڕەهەندیەت" چییە. ئەو دەستەواژەی ئێوە لێرەدا بە کاری دەهێنن سەر بەو خێزانە چەمکییە کە لە زمانی عەرەبیدا وەک "شیوعیەت"، "قەومیەت"، "فاشیەت"، "لیبرالیەت" و "عونسوریەت" هتد... دەناسرێت. بە بۆچوونی من شتێک بە ناوی "ڕەهەندیەت"ەوە بوونی نەبووە و بوونی نییە. وەک پێشتر وتم ڕەهەند پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی نەبوو، هیچ یەکێک لە نووسەرە سەرەکییەکانی هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، یان بەرگریکەر لە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو نەبوو. خۆشی بەرهەمهێنەر و دروستکەری ئایدیۆلۆژیایەک نەبوو.

سەرهەڵدانی ڕەهەند لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا پابەستی دوو جۆر گۆڕانکاریی گەورەیە لە دونیای ئێمەدا. یەکەمیان لەدایکبوونی هەلومەرج و دۆخێکی مێژوویی تەواو تازەیە کە هەم هەندێک ئەگەری گۆڕانی پۆزەتیڤ و هەندێک ئەگەری کەم بۆ ئومێد و هەندێک چاوەڕوانیی ئینسانییانەی تێدابوو، هەم پڕیش بوو لە مەترسی و هەڕەشە و ترسی گەورە و هەمەلایەن. لە پێش هەمووشیانەوە بوونی دوو ترسی سەرەکی؛ یەکەمیان ترسی مانەوەی بەعسی دوای پەلامارەکانی ئەنفال و بەعسی دوای ئەو هەموو جەنگ و کوشتارە گەورانە و نزیکی لە هەمووانەوە. بەعس کە دەستێکی وێرانکەری بەناو ژیانی تاکەکەسی و دەستەجەمعیی کۆمەڵگای ئێمەدا هێنابوو. دووهەمیان ترس لەو دەسەڵاتە کوردییە تازەیەی ڕۆژانە بە بەر چاومانە تا دەهات زیاتر و زیاتر لە بەعس دەچوو. دەسەڵاتێک پڕ لە ئامادەگیی گەورە بۆ جەنگ و وێرانکردن و بۆ فرۆشتنی هەموو شتێکیش، لە نیشتمان و نەوت و کارخانەکانی وڵاتەکەوە بۆ فرۆشتنی سەرجەمی پرەنسیپە ئینسانییەکان، لە پێناوی پاراستنی مەسڵەحەت و قازانج و بەهێزکردنی پێگەی بکەرە سەرەکییەکانی. دەڵێم دەسەڵاتێک ئامادە بوو هەم میلەتەکە و هەم وڵاتەکە و هەم سەرجەمی خێروبێری ژێرزەوی و سەرزەوی و هەم ئێستا و ئایندەی ئەو دەقەرە بفرۆشێت. شەڕی ناوخۆ ئەو ڕووداوە بوو کە هەموومانی تەواو ترسان و ڕووە تاریکەکانی ئەو حوکمڕانییەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ نیشاندایِن. لەناو ئەو دۆخە تازەیەدا بە لامانەوە گرنگ بوو مینبەرێک هەبێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هەموو مەترسی و

ئەگەرە وێرانکەرە ناوەکییانەی کۆمەڵگای کوردی بەرەو ڕوویان دەچوو. لە خۆڕا نەبوو ژمارە یەکی "گۆڤاری ڕەهەند" تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر شەڕی ناوخۆ، دروستبوون و دەرکەوتنی ڕەهەند بە قسەکردن لەسەر ئەم دۆخە وێرانکەرەی ناو مێژووی ئێمە، دەستی پێ کرد.

گۆڕانکاری دووهەم ئەو گۆڕانانە بوو کە لە ژیانی هەریەکێک لە نووسەرەکانیدا ڕوویدابوو. بەشێکی زۆری نووسەرەکانی ڕەهەند کوردستانیان بەجێ هێشتبوو و لە ئەورووپا دەژیان. بەشێکی زۆریان زمانی تازەی وڵاتە ئەورووپییەکان فێر بووبوون و دەیانتوانی لە نزیکەوە دەستیان بە سەرچاوە گەورەکانی فیکری هاوچەرخ بگات و ژمارەیەکی بەرچاویشیان قوتابی بوون لە زانکۆکانی ئەورووپادا دەیانخوێند. هاوکات ئەم نووسەرانە لەژێر دەسەڵاتی پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا نەبوون و دوور بوون لە بەشێکی زۆری ئەو فشارانەوە کە ئەو هێزانە دەیانتوانی بیخەنە سەر هەرکەس و نووسەرێک خۆیان هەڵیانبژاردایە. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە وایان کرد لەگەڵ 'ڕەهەند'دا تایپ و مۆدێلێکی نوێ لە ڕۆشنبیر لەدایک ببێت کە بڕ و ڕادەی سەربەخۆبوونی گەورە و هەمەلایەن بێت. بێترس بنووسێت و نەچێتە ناو گەمەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانەوە. هەمووشیان لەناو ئەو هاوکێشە سۆسیۆلۆژییەدا نیشتەجێ بن کە دەکرێت لەناو چەمکی "ڕۆشنبیری دیاسپۆریی"دا کۆی بکەینەوە. واتە ئەو تایپە لە ڕۆشنبیر کە هەست دەکەن لە چەندان جیهانی تەواو ناکۆک و دژبەیەکدا دەژین و لە یەک کاتدا خەڵکی زیاد لە شوێن و کولتوور و زمان و کەلەپوورێکی فیکریین.

**ژنەفتن**: ئێوە وەک کەسی سەرەکی و بنەڕەتیی ڕەهەند، ئێستا کە ئاوڕ لەو مێژووە دەدەنەوە چۆن ناو لە ڕەهەند دەنێن؟ (واتە دەکرێ ناونیشانێک بۆ ڕەهەند دابنێن) بۆ نموونە دەکرێ ناوی بنێین پرۆژەیەکی ڕۆشنگەری، یان بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری، یان ڕەوتێکی هزری... هتد؟

> «هەموو ئەم گۆڕانکارییانە وایان کرد لەگەڵ 'ڕەهەند'دا تایپ و مۆدێلێکی نوێ لە ڕۆشنبیر لەدایک ببێت کە بڕ و ڕادەی سەربەخۆبوونی گەورە و هەمەلایەن بێت.»

**مەریوان وریا**: ڕەهەند ساتێکی درەوشەداریی ناو مێژووی هاوچەرخی ڕۆشنبیریی ئێمەیە. گۆڤارێکە پڕە لە تێزی فیکریی تازە، شتگەلێکی زۆر و گرنگی لەسەر دونیای هاوچەرخی کۆمەڵگای کوردی گوتووە. دەستکارییەکی ڕادیکاڵی زمانی نووسین و بیرکردنەوەی لەناو ڕۆشنبیریی ئێمەدا کرد. ڕەهەند ئەزموونێکە لە کاری ڕۆشنبیری و فیکریی پلورال، گەرچی

کەم ژیا، بەڵام لە زیاد لە ئاستێکدا کاریگەریی گەورەی بەجێهێشت. ڕەهەند یەک ڕەوتی هزری نەبوو، بەڵکو زیاد لە ڕەوتێک بوو، پێشم وایە دەکرێت وەک پرۆژەیەکی ڕۆشنگەری ناوی ببەین، بە تایبەتی ئەگەر ڕۆشنگەری بە مانا کانتییەکەی بەکار ببەین، واتە ڕۆشنگەری وەک بوێری بەکارهێنانی عەقڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە ڕەحم و مەرحەمەتی ئەم یان ئەو چاوساغ و ئەم یان ئەو ڕێپیشاندەریی هەمووشتزان، ببینین.

**ژنەفتن**: ئایا ڕەهەند کۆتایی هاتووە؟ یان بڵێین ئەم قۆناغە، قۆناغی دوایی ڕەهەندە؟ ئەگەر کۆتایی نەهاتووە، هێڵی درێژەپێدەری چۆن دیاری دەکەی؟

**مەریوان وریا**: ڕەهەند وەک گۆڤار لە مێژە کۆتایی هاتووە، نووسەرەکانی لەیەک دابڕان و هەریەکەشیان ئاراستەیەکی جیاوازی گرتەبەر. بەڵام پێم وایە شتێک لە ڕۆحیەتە ڕەخنەییەکەی ڕەهەند و لە ڕۆحیەتە ڕۆشنگەرەکەی تا ئەمڕۆش ماوە، چ لای ئەم یان ئەو نووسەری ناو ڕەهەند خۆی، چ لای ئەو نەوە گەنج و خوێندەوارەی لەپاڵ ڕەهەندا دروستبوو. لەو باوەڕەشدام هەندێک لەو تێزانەشی لەناو ڕەهەندا بەرهەم هاتوون تا ئەمڕۆش تێزی گرنگ و سەرەکین و هاریکارییەکی باشی تێگەشتنی زیاترمان لە دونیای خۆمان، دەکات. من گەر باس لە ئەزموونی خۆم بکەم، دەکرێت بڵێم برێکی گرنگی ئەو تێمایانەی لە ڕەهەندا شوێنی نووسین و بیرکردنەوەی من بوون، لە قۆناغی دوای ڕەهەندیشدا هەر ماون و قوڵاییەکی تازەیان وەرگرتووە. لەوانەش تێماکانی ناسیۆنالیزم، ئیسلامی سیاسی، عەلمانیەت، سۆسیۆلۆژیای دەسەڵات، مەسەلەی پلورالیزم، کێشەی مۆدێرنە، چەند ئاراستەیەکی ناو فیکری ئەورووپی هاوچەرخ، کۆمەڵناسیی حیزب، ڕۆڵی ڕۆشنبیر، مەسەلەی ئەدەبیات. لە سەرێکی دیکەوە ڕەهەند وەک گروپ نەک کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو زۆربەی ئەو نووسەرانەی لە ڕەهەندا دەیاننووسی و هاوڕێ و دۆستی یەکتر بوون، ئێستا نە وەک گروپ و نە وەک هاوڕێ و نە وەک دۆست نەماونەتەوە و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریشدا باش نییە.

هەرچی پەیوەندیی بە "دوای ڕەهەند"ەوە هەیە من خۆم پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی بەرچاو نابینم شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ڕەهەنددا هەبێت، بێگومان گروپی ڕۆشنبیر و تاکەکەسی چالاک و جیاواز دەبینم، کەسانێک هەن سەریان ناوە بە یەکەوە و پێکەوە کار دەکەن و دەنووسن و وەردەگێڕن، سایت و گۆڤار و دەزگای جیاوازیان هەیە و هەن. بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردووە ئەوەیە زۆرینەی ئەوەی هەیە و لە ئارادایە لە "پرۆژەی ئایدیۆلۆژی"یەوە نزیکە نەک "پرۆژەی ڕۆشنبیری"، پرۆژەی ئایدیۆلۆژی بە مانای کۆبوونەوە لە دەوری یەک جیهانبینی بە تەنها و پرۆژەی ڕۆشنبیرییش بە مانای

جێبوونەوەی زیاد لە جیهانبینییەک بەیەکەوە و لەپاڵ یەکدا. ئەوەی دەیبینم دروستبوونی گرووپگەلێکە لە دەوری ئەم یان ئەو ئایدیۆلۆژیا، یان لە دەوری ئەم یان ئەو قوتابخانەی فیکری کۆبوونەتەوە، ئیتر لە سەلەفیزمی دینییەوە بیگرە بۆ مارکسییە تازە خۆ بە ڕادیکاڵزانەکان. هەست دەکەم ئەوەی لەم دۆخە تازەیەدا لەدەستدراوە ئەو پلورالیزمە میتۆدی و تیۆری و دونیابینییە کە لە ڕەهەنددا بوونی هەبوو. لەمەش بترازێت چەندان نووسەر و ڕۆشنبیر و وەرگێڕ دروستبوون قسەگوتن بە ڕەهەند و پەلاماردانی نووسەرەکانییان بووە بە بەشێکی بەرچاو لە زمان و ڕیتۆریکی ڕۆژانەی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. وەک وتم ڕەهەند هەم دۆستی زۆر و هەم دوژمنی زۆریشی دروست کرد.

**ژنەفتن**: کاریگەری و ئیمتیازە باڵاکانی ڕەهەند کامانەن؟ گوتاری ڕەهەند لە چ بوار و زەمینەیەکدا زۆرتر کاریگەری دانا؟ کەم نین ئەو دەنگ و خوێندنەوانەی کە دروست بوونی ڕۆژنامەی ئەهلی و فراوان بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، خۆپیشاندان و نارەزایەتی تا دەگات بە دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆن بە بەرهەمی ڕەهەند دەزانن. ئێوە خۆتان چۆن لەم بەرهەمانە دەڕوانن؟

**مەریوان وریا**: پێم وایە ڕەهەند لە زیاد لە بوارێکدا، کەم تا زۆر، شتێک لە کاریگەری بەجێ هێشتوە. لە بواری ڕۆشنبیریدا تایپێکی تازەی لە ڕۆشنبیری سەربەخۆ و ڕەخنەیی دروست کرد و لەسەر کۆمەڵێک بابەت و کێشە وەستا کە پێشتر لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا یان هیچی لەسەر نەگوترابوو، یاخود زۆر بە کەمی لە سەریان نووسرابوو. لەگەڵ ڕەهەندا شێوازێک لە مامەڵەکردنی فیکر لەدایک بوو کە هەڵگری برێکی زۆر لە جدییەت و برێکی تایبەت لە میتۆدییبوون و بە تایبەتیش تیۆری بوو. ڕەهەند هاوکات دەستکارییەکی بەرفراوان و هەمەلایەنی زمانی نووسینی لە دونیای ئێمەدا کرد و چەندان چەمک و زاراوە و تێز و تیۆرەی نوێی هێنایەکایەوە. ڕەهەند جۆرێکی نوێشی لە خوێنەر دروست کرد کە بەر لە ڕەهەند بوونیان نەبوو، یاخود زۆر کەم بوون، خوێنەری بواری کایە مەعریفییە جیاوازەکانی دەرەوەی ئەدەبیات، خوێنەرێک بە ئاسۆیەکی تایبەتی چاوەڕوانکردنەوە لە تێکست و لە نووسین. لە پاڵ ڕەهەندیشدا کۆمەڵێک نووسەر دروست بوون.

ڕەهەند وەک گۆڤار لە مێژە کۆتایی هاتووە، نووسەرەکانی لەیەک دابڕان و هەریەکەشیان ئاراستەیەکی جیاوازی گرتەبەر

پێم وایە ئەو بۆچوونەی سەرەوە کە پێی وایە ڕەهەند ڕۆڵی لە دروستبوونی ڕۆژنامەگەریی ئەهلی و گەورەبوونی سنووری ناڕەزایەتی و دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆندا هەبووە شتێکی زۆر لە ڕاستی تێدایە، بێگومان نەک بە مانای دروستکردن، بەڵکو بە مانای هێنانەکایەی کۆمەڵێک تێزی فیکری و دۆخێکی ڕۆشنبیری و فەزایەکی ڕەمزی کە دروستبوونی ئەو شتانە لە ناویدا ئاسانتر و خێراتر بێت. وردتر بدوێم ڕەهەند ئەو شتەی دروست کرد کە فەیلەسوفانی بواری ئەخلاق ناوی "ژینگەی ئەخلاقی" لێ دەنێن، ئەمەش ئەو ژینگە تایبەتەیە کە کۆمەڵێک ئایدیا و بۆچوون و جۆرێکی تایبەت لە زمان و بەرخورد و هەڵوێستی تێدابوو کە لەسەر ڕەفزکردنێکی تەواوی ئەو دونیا نالەبارەی لەئارادا بوو، دروست بووبوو. ڕەنگە کاریگەریی ڕەهەند لەسەر دروستبوونی ڕۆحیەتی بەرگریکردن و خولیای گوێڕایەڵ نەبوون و گرنگیی ڕەفزکردن لە هەموو شتەکانی تر ئاشکراتر بێت. شتێک لە تورەبوونی میتۆدی و مەعریفی و تیۆری لە ڕەهەندا هەبوو کە خوێنەر بە ئاسانی هەستی پێ دەکرد و دەیناسییەوە، ئەگەر لە سەرجەمی نووسینەکانیش تێنەگەیشتایە هێزی ڕەفزکردنەکەی دەناسییەوە. بە کورتی، سایکۆلۆژیای پشتی نووسینەکان، وەک خودی نووسینەکان، سایکۆلۆژیای رەفزکردنی ئەو دونیا ناقۆلا و ترسناکە بوو کە دروست کراوە. پێم وایە ئەم سایکۆلۆژیا تایبەتە لە کۆتایی نەوەدەکاندا بووبوو بە بەشێکی سەرەکیی سایکۆلۆژیای ڕۆشنبیریی ئەو نەوانەی ڕەهەندیان دەخوێندەوە و بووبوو بە بەشێکی بنەڕەتیش لەو ژینگە ئەخلاقییە تازەیەی لەپاڵ گۆڤارەکەدا دروست بووبوو. لە پەیوەندیدا بە دروستبوون و پێشکەوتنی میدیای ئەهلی و سەربەخۆشەوە، نووسەرەکانی ڕەهەند بەشێک بوون لە پرۆسەی لەدایکبوون و گەورەبوون و بەهێزبوونی ئەو میدیایە. من لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لەوە کرد چۆن لە هۆڵەنداوە پارەی کڕینی چاپخانەیەکم بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی پەیداکرد، هاوکات بەشداریش بووم لە دامەزراندنی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا. هاوکات زۆرێک لە نووسەرەکانی ڕەهەند بە نووسین و بەبێ بەرامبەر ساڵانێکی درێژ لەو ڕۆژنامە ئەهلییانەدا نووسیمان و لەو ڕێگایەوە قورساییەکی تایبەتمان بە ڕۆژنامەکان و گوتارە ڕەخنەییەکانی ناوی بەخشی. پێشم وایە ئەو کەلەپوورە تیۆری و فیکرییەی کە ڕەهەند و لە دوای ڕەهەندیشەوە ئەو دۆخی ناڕازیبوونە گشتییەی میدیای ئەهلی دروستی کرد، ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان بینی لە دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا. تا بە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەگات. بەڵام کە ئەمانە دەڵێم نامەوێت خوێنەر وا تێبگات ئێمە ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگای مەدەنی و ئەو شتانەمان دروست کردووە، بە پێچەوانەوە بەشداری ئێمە یەکێکە لە بەشدارییەکانی ناو دروستبوونی ئەو ڕۆحیەتی بەرگری و ڕەخەکردنەیە لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا دروست بوو، بەڵام بەشدارییەکی گرنگ و خاوەن قورسایی بوو. هاوکات بکەری جیاواز و دەستپێشخەری دیکە لە زیاد لە پێگە و ئاراستەیەکەوە بوونی هەبوو. بە کورتییەکەی، کەسێک کەمەکێک ئینسافی هەبێت و لە ویستی ئینکاریکردنەوە نەڕوانێت و نەنووسێت،

دەتوانێت کاریگەرییە گرنگەکانی گۆڤاری ڕەهەند بەسەر ئەو هەلومەرجە مێژووییە تایبەتییەوە ببینێت. بەڵام دوای هاتنی ئەمریکا و کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین و لەمانەش گرنگتر دوای هاتنەکایەی ئابووریی نەوت لە خراپترین شێوەیدا و دوای گۆڕانی پارتە سیاسییە حوکمڕانەکان بۆ کۆمپانیای گەورە و دوای گۆڕانی خودی سیاسییەکان بۆ بازرگانیی گەورەی نەوتفرۆشی، کاریگەرییەکانی فیکر لەسەر واقیعی ئێمە کەم بووەوە و بە شێوەیەکی ترسناک، لاواز بوو، پارە بووە هێزی ژمارە یەک و کۆتا ژمارەی ناو ئەو واقیعە.

**ژنەفتن**: بێگومان لەبەر ئەوەی ئێوە خۆتان فیگەری بنەڕەتیی ڕەهەند بوون، حەتمەن بە وردی دەزانن هەر لە سەرەتاوە تا بەرە بەرە لیکترازانی کەسە سەرەکییەکان، کاریگەری کامە فەیلەسووف و بیرمەند و هێڵی ئایدیۆلۆژی و تیۆر زاڵ بووە. دەکرێ بە سەرە قەڵەمیش بێت لێرە ئاماژەیان پێ بدەن.

**مەریوان وریا**: وەک پێشتریش وتم نووسەرەکانی ڕەهەند کۆمەڵێک نووسەر و کەسایەتی جیاواز بوون، هەر یەکێکیان خولیایەکی تایبەتی نووسین و شێوازێکی تایبەتی بیرکردنەوە و پاشخانێکی مەعریفی و میتۆدی جیاوازی، هەبوو. ڕەنگە یەکێک لەو هەڵانەی ئێمە لە ڕەهەنددا کردمان ئەوە بێت کە فیکر و بیر و بۆچوونی یەکتریمان موناقەشە نەکرد، نەچووینە دیالۆگ و ڕەخنەکردنی یەکترەوە. ئەوەش لەبەر ئەوە بوو هێرش لەسەر ڕەهەند و هەوڵدان بۆ شکاندن و بێترخکردنی نووسەرەکانی لە دەرەوەدا زۆر بەهێز بوو. هەم گۆڤارەکە و هەم نووسەرەکانی شوێنی هێرشی بەردەوامی میدیای حیزبی و نووسەری ڕاسپێردراو بوون. دەنا ئێمە هەم جیاوازییەکانمان بۆ برێک لە خوێنەران و هەم بۆ خۆشمان ئاشکرا بوو.

سەبارەت بە کاریگەریی ئەم یان ئەو نووسەر و فەیلەسوف لەسەر سەرجەمی گۆڤارەکە، ڕاستتر بوێت، ناتوانم ناوی کەسێک، نووسەر یان فەیلەسوفێک ببەم کە کاریگەری بەسەر سەرجەمی نووسەرانی گۆڤارەکەوە هەبوو بێت. بۆ نموونە کاک **'فاروق ڕەفیق'** خەریکی فەلسەفە بوو، بە تایبەتی فەلسەفەی یۆنانی کۆن، کاک 'ئاراس فەتاح' لە بواری سۆسیۆلۆژیا و تیۆرەی پۆست کۆلۆنیالیزمدا کاری دەکرد، 'بەختیار عەلی' کەسێک بوو

یەکێک لەو هەڵانەی ئێمە لە ڕەهەنددا کردمان ئەوە بێت کە فیکر و بیر و بۆچوونی یەکتریمان موناقەشە نەکرد، نەچووینە دیالۆگ و ڕەخنەکردنی یەکترەوە

بێ میتۆدێکی دیاریکراو دەینووسی. منیش لەو ڕۆژگارەدا لەژێر کاریگەری کۆمەڵێک نووسەردا بووم، لە ناویاندا، بۆ نموونە، فوکۆ و گرامشی و بۆردیۆ، ئینجا دوو پرۆفیسۆری زانکۆی ئەمستردام کە هەردووکیان لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیای دیندا کاریان دەکرد و دوو ناوی گرنگی ئەو بوارەن لە ئاستی جیهاندا: 'گێرد باومان' و 'پیتەر ڤان دێر ڤێر'. لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕەهەندا من نووسینێکی ڕیپۆرتاژی کورتم هەیە لەسەر سیمینارێک لەسەر میشێل فوکۆ لە زانکۆی نامیخێن لە هۆڵەندا، لە ڕیپۆرتاژەکەدا باس لە بوونی سێ فوکۆ دەکەم: فوکۆی قۆناغی ئارکیۆلۆژیا و قۆناغی جینالۆجیا و قۆناغی ئەتیک یان ئەخلاق. ئەوەی لەو دابەشکارییەدا پێی لەسەر دادەگرم ئەوەیە کە فوکۆی قۆناغی یەکەم و دووهەم زۆر زیاتر بە کەڵکی ئێمە دێت، تا فوکۆی قۆناغی ئەخلاق. ئەم تێگەیشتنە بۆ فوکۆ ماوەیەکی درێژ لای من مایەوە. تەنها دوای نووسینی ئەو کتێبەی دوو ساڵ لەمەوبەر لەسە فوکۆم نووسی بە ناوی "ئەخلاق و بەرگریی" گۆڕانکاریی بەسەر دیدی مندا هات. ڕەنگە چەمکی "کایە" لای **'بۆردیۆ'** یەکێک لەو چەمکە سەرەکییانە بێت کە زۆرێک لە نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند بەکاریان هێنابێت و لە ڕێگای ئەوانیشە پەڕیبێتەوە بۆ ناو زمانی کوردی. لای بۆردیۆ هەموو کایەیەک لۆژیکێکی تایبەتی ئیشکردنی خۆی هەیە، جیایە لە لۆژیکی ناو کایەکانی تر، هەروەها هەر کایەیەک بکەری تایبەت بە خۆی هەیە، فۆرمی تایبەتی ململانێی هەیە، پێگەی جیاوازی دەسەڵاتی تێدایە. بەڵام من ئەم چەمکەی بۆردیۆم بەکار هێنا بۆ خوێندنەوەی ئەزموونی بەعس لە عێراقدا و بەو ئەنجامە گەیشتم ئەوەی لە عێراقدا وەک بەشێک لە دروستبوونی دەسەڵاتێکی جینۆسایدی تۆتالیتاری دروست دەبێت، بریتییە لە تێکشکانی لۆژیکی ناوەکیی کایەکان و سەپاندنی لۆژیکێکی دەرەکی بەسەریاندا، کە لۆژیکی بە بەعسیکردنی کایەکە و بە موتڵەقکردنی دەسەڵاتی سەدام حوسەین و نوخبە بەعسییەکەی دەوروبەریەتی. پێم وابێت ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئەزموونی زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیە تا ئەمڕۆکەش ڕاست بێت. بە کورتییەکەی ئەوەی لە ڕەهەندا باڵادەست بوو ناوێک یان ئاراستەیەکی فیکری، میتۆدێک یان ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت نەبوو، ئەوەی باڵادەست بوو ئەو ڕۆحیەتی ڕەفزکردنەی "ئێستا"یە بوو کە لە ناوەوە لۆژیکی زۆرێک لە نووسینەکانی ئاراستە دەکرد. گرێدانی نووسین بوو بە بەرپرسیارەتەوە، بە ڕێزگرتن لە بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ تازەکردنەوەیەکی بەردەوامی ئەو دەزگا چەمکیی و تیۆرییانەی بە هۆیانەوە بیرمان دەکردەوە. دژ بەو مۆنۆپۆڵکردنەی قسەکردن و مۆنۆپۆڵکردنەی هەقیقەت بووین کە بەشێک بوو لە مێژووی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ناوچەکە و کۆمەڵگای ئێمە، ئەو مۆنۆپۆلکردنەی جۆرێک لە ئیتاعەت و گوێڕایەڵی و سەرلەقاندنی بەسەر هەوادارانی ئەو ئایدیۆلۆژیانەدا دەسەپاند. ڕەفزی ئەم دۆخە، ڕەفزی ئەوەی بەو جۆرە حوکم بکرێن و بەو جۆرە بکرێین بە تاکەکەس و بەو جۆرە ناچار بە قسەکردن بین، ئەو هاوبەشەیە کە ڕەهەند دروستی دەکات و بە خوێنەرەکانیشی دەبەخشێت.

**ژنەفتن**: لەگەڵ ئەوەی کە لە پرسیارەکانی پێشوودا ئاماژەتان پێداوە و تا ڕادەیەک ڕوونتان کردووەتەوە، بەڵام یەکێ لەو ڕەخنانەی کە لە سەرەتاکانەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ڕووبەڕووتان کراوەتەوە ئەوە بووە کە ئێوە (واتە هاوڕێیانی ڕەهەند) ڕەخنەتان قبووڵ نەکردووە و هەمیشە ڕووبەڕووی ڕەخنەکان وەستاونەتەوە، هەندێ جاریش وشەی زۆر توند و زبرتان بەرانبەریان بە کار هێناوە، بە جۆرێک ئێوەش لەو قۆناغەدا بەشدار بوون لەو مۆنۆپۆلەی لە وەڵامی پێشوودا ئاماژەتان پێداوە. ئێوە لە ئێستادا چۆن وەڵامی ئەو ڕەخنەیە دەدەنەوە؟

**مەریوان وریا**: زۆربەی نووسینەکانی ناو "ڕەهەند" و گوتارەکانی ناوی بە دەگمەن نەبێت بە شێوەیەکی بابەتییانە نەخوێندراونەتەوە و ڕەخنە نەکراون، تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم تەنانەت تێزێک لە تێزەکانی ناو گۆڤارەکە بە هێمنی موناقەشە نەکراوە، کەسێک نەهاتووە بڵێت بەکارهێنانی ئەم یان چەمکی فیکری لەم یان لەو وتارەدا هەڵە یان ناڕاست یان کەموکوڕی تێدایە. کەسێکم نەدیوە بڵێت من ئەم بەش یان ئەو بەشی ئەم تێز یان ئەو تێزم قبووڵە یان قبووڵ نییە، یان بڵێت بەکارهێنانی میتۆدییانەی ئەم چەمک یان ئەو چەمک، ناڕاست یان نوقسانە، یان لەم یان لەو دۆخدا کورت دەهێنێت. بە کورتییەکەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بابەتی و مەعریفی بۆ نووسینەکانی ناو گۆڤارەکە بوونی نەبووە و ئەمڕۆش بوونی نییە، بە درێژایی ساڵانی تەمەنی ئەو گۆڤارە تا بەمڕۆش دەگات، شتێکی لەم بابەتەمان نەبینی. کەچی گۆڤارەکە و نووسەرەکانی لە چەندان لاوە پەلامار دەدران، ئەوەشی دەگوترا تۆمەت داتاشین و شکاندنی کارەکتەری نووسەرەکان و بێنرخکردنی کارەکانی گۆڤارەکە بوو، تۆمەتی بە خائین و دز و بە موخابەراتکردنی ئەم یان ئەو وڵات، لە تۆمەتە فرە بڵاوەکان بوو. زۆرانێکیش هەبوون بە بەردەوامی دەیانگوت کوردی نازانن و درێژدادڕن و ئەوەی دەینووسن گواستنەوەی نووسینی ئەم یان ئەو نووسەری عەرەب و فارسە. هەندێکجار دەیانگوت نووسینەکانیان تەرجەمەی نووسینی کەسانی ترە لە زمانە بێگانەکانەوە بۆ کوردی، بەڵام نووسەرەکانی ڕەهەند بە ناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە. هەم میدیای پارتی و هەم میدیای یەکێتی لەم پەلاماردانە بەردەوامانەدا بەشدار بوون. ئەو بەشەش کە خۆیان بە چەپ دەزانن بە ناوی فیکری بۆرژوازی و خزمەتکردنی سەرمایەدارییەوە زەربێکی تەواویان بەسەر گۆڤارەکە و نووسەرەکاندا دەهێنا. بڕێک لە ئیسلامییەکانیش بە ناوی عەلمانیبوون و نۆکەریکردن بۆ خۆراوا لەم هێرشەدا بەشدار بوون. وەک پێشتریش پێمگوتیت ئاستی هەوڵدان بۆ شکاندنی گۆڤارەکە و نووسەرەکانی گەیشتە ئەو ڕادەیەی تەنانەت هەندێک نووسەری کوردیی خۆرهەڵاتیان ڕاسپاردبوو قسە بە ڕەهەند بڵێن و نووسەرەکانی بکەن بە دز. من خۆم نووسەری خۆرهەڵاتم بینیوە و بۆی گێڕاومەتەوە کە یەکێک لە پرۆفیسۆرە ناسراوەکانی لای خۆمان کە بەشداری فێستیڤاڵێک بووە لەودیو، لە کاتی گفتوگۆکردنی

تایبەتەدا لەگەڵ ئەو نووسەرە گوتوویەتی نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند جاسوسی حەوت دەوڵەتن. کتێبەکەی مەلا بەختیار کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەسەر گۆڤاری ڕەهەند نووسی و بە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا بڵاوی کردەوە، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم تەرزە ڕەخنەیە بوو، ڕەخنەیەک هەرچییەکی تێدا بووبێت بەرخوردیی فیکری و ڕاگۆڕکێ و گفتوگۆی مەنهەجی تێدا نەبووە، بەڵام لێوانلێو بوو لە تۆمەتی ترسناک. خوێنەر بۆ ئاشنابوون بە جۆری تۆمەتەکان دەتوانێت بۆ ئەو کتێبەی من بگەڕێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا بە ناونیشانی "دەربارەی ئیسلام و فەلسەفە و ڕۆشنگەریی" بڵاوم کردەوە. لەناو ئەم ژینگە پڕ تۆمەت و پڕ بریندارکردن و شکاندنەدا نەدەکرا ئێمە بە هێمنی وەڵام بدەینەوە. هەندێک لە نووسەرەکانی ڕەهەند بە توندی وەڵامی ئەو جۆرە قسە و هێرشانەیان دایەوە. کەسێک ئەو کتێبەی من لەسەر تۆمەتەکانی مەلا بەختیار بخوێنێتەوە، لەوە تێدەگات کە زمانی وەڵامدانەوەکانی ئێمە، لانیکەم زمانی ئەو کتێبەی من، زمانێکی هێمنە و نەچۆتە ناو ئەو ڕووبەری تۆمەت و تۆمەتکارییەی لەو سەردەمەدا باڵادەست بوو.

کێشە لەوەدایە لە ئێستاشدا ئەو فۆرمە لە "ڕەخنە!!!"کردنی تۆمەتتاشی درێژەی هەیە، بەڵام ئەمجارەیان زیاتر لە ناو سۆشیال میدیادا. با من لێرەدا نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە کە ئاستی ئەم جۆرە ڕەخنە و ئەو ئەخلاقیاتەی لەپشتیەوەیە، نیشان ئەدات. دواهەمین کتێبی من کە ئەم ساڵ، ساڵی ٢٠٢١، بە ناوی "فیکری ڕادیکاڵ: دەربارەی سەید قوتب و سلاڤۆ ژیژێک و لیبرالیزم"ە، هێشتا تەنها بەرگەکەی لەسەر فەیسبوک بڵاو کرابووەوە و جگە لەو کەسەی کە هەڵەچنی بۆ کردبوو، هیچ کەسێکی تر نەیدیبوو، کتێبەکە هێشتا چاپ نەکرابوو، کەچی هەندێک نووسەری "چەپ"ی "ڕادیکاڵ" و "ئیسلامیی خوێندەوار" لە سۆشیال میدیا، لەگەڵ بینینی بەرگی کتێبەکەدا، کەوتنە ڕەخنەکردنی کتێبەکە. چەپگەرێکی دژەکاپیتالیزم لە ڕێگای بینینی بەرگەکەوە باسی لە "دەرکەوتە بەرایی و جەوهەرییەکانی" کتێبەکە دەکرد، ئەو تەنها باس لە بەرگی کتێبەکە ناکات بەڵکو باس لە "جەوهەری" کتێبێک دەکات نەیبینیوە و نەیخوێندۆتەوە.. ئەوانەی کۆمێنتیان بۆ پۆستی نووسەرە چەپەکە لەسەر فەیسبوک دەنووسی بە منیان دەگوت "ڕاسیست"ە، ئیشی من وەک نووسەرێکی "نیولیبراڵ" بریتییە لە بڵاوکردنەوەی "دوودڵی و بێمتمانەبوون"ە لای خوێنەران. یەکێکی تر نووسی بووی "خوێندنەوەی بەرگەکەی بەسە بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکەکەی." و یەکێکی تر، کە دیارە ئیسلامییە و ئەویش هەر تەنها لە ڕێگای بەرگەکەیەوە نووسی بووی "لەناو کورددا زۆرینەی ئەو نووسەرانەی کە عەلمانین و لەسەر فیکری سەید قوتب نووسیویانە، یەک کتێبی سەید قوتبیان نەخوێندووەتەوە و تەنیا مەقالەی نووسەرەعەلمانییەکانی عەرەبیان لەسەر فیکری خوێندووتەوە کە ئەوەیش گەورەترین گرفتی ئەو شێوازە نووسینەیە". ئەمە لە کاتێکدا کتێبەکەی من سەدان ئیقتیباسی لە کتێبی سەید قوتبەوە تێدایە و خۆشم یەکێک لەو وانانەی لە زانکۆی ئەمستردام دەیڵێمەوە لەسەر ئیسلامی

سیاسییە بە گشتیی و فیکری سەید قوتبە بە تایبەتی. یەکێکی تر نووسی بووی "مەریوان لاکان ناناسێت" و بووە "بە مەلا"، بەبێ ئەوەی من وشەیەکم لەسەر لاکان نووسی بێت بۆ ئەوەی ئەو "لاکان ناسە" بزانێت من لاکان دەناسم یان نایناسم. یەکێکی تر نووسی بووی "قانع زیندوو بێتەوە ئەڵێ وەجاخم کوێرە". ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئەم شێوازە لە قسەکردن لەسەر فیکر لە دونیای ئێمەدا شێوازی باڵادەستە، لە ڕاستیدا شتێک بە ناوی موناقەشاتی فیکری و دیالۆگ و خوێندنەوەی بابەتییانە و مەعریفییانەی کتێبی فیکرییەوە لە دونیای ئێمەدا، زۆر زۆر بە دەگمەن نەبێت، بوونی نییە.

ڕەهەند پرۆژەیەکی فیکری بوو، زۆربەی وتارەکانی وتاری فیکریی تیۆری و نیمچەتیۆری بوون، بڕێکی بەرچاو لە میتۆدیبوون و مەعریفیبوون لە گۆڤارەکەدا ئامادەبوو، زۆرێک لە نووسەرەکانی شارەزای زیاد لە قوتابخانە و ئاراستەیەکی فیکری و زیاد لە کایەیەکی مەعریفی بوون، بۆیە ڕەخنەکردنیشی پێویستی بە فیکر و مەعریفە و توانای بیرکردنەوە هەبوو. بەڵام ئەوەی بەرامبەر بە ڕەهەند دەگوزەرا گەڕانەوە بۆ فیکر و میتۆد و ئەرگومێنتی فیکری نەبوو، بەڵکو تۆڕێکی گەورە لە تۆمەتبارکردن و ناشیرینکردن و شکاندن بوو. وەک وتم لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا، تا ئەمڕۆش، زۆر بە دەگمەن نەبێت موناقەشەی فیکری بوونی نییە، دەیان کتێبی فیکریی گرنگ بنووسە، دەشێت پەلاماری نووسەرەکەی بدرێت و ناوی گشتی لێ بنرێت، وەک لیبراڵ و نیولیبراڵ و ناسیۆنالیست و تەنانەت فاشیست هتد... بەڵام ئەو کتێبانە گفتوگۆ و دیالۆگێک دروست ناکەن، تەنانەت ڕانانێکی باش و مەعقولیش بۆ کتێبی فیکری بە دەگمەن نەبێت، بوونی نییە. ئەوەی تا ئەم ساتەش لەو ناوەندەدا هەیە و ئامادەیە، یان سەنگەرگیری و بڵاوکردنەوەی تۆمەتە، یاخود نووسینی سەرپێیی پڕ مەدح و سەنایە. لە دەرەوەی باسکردنی ئەدەبیاتدا شتێک بەناوی باسکردنی فیکر و دیالۆگ و بەرخوردیی فیکرییەوە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بە دەگمەن نەبێت بوونی نییە. بەڵام بەردەوام شکاندن و تۆمەتبارکردن و بێنرخکردن هەیە. بە بۆچوونی من ئەمە دیوە سەرەکییەکەی مەسەلەکەیە.

دیوەکەی تری ئەم مەسەلەیە ئەو ڕاستییەیە کە لەناو گۆڤاری ڕەهەند خۆیدا پەلاماری هیچ نووسەر و کەسایەتییەک نەدراوە و، وەڵامدانەوەی تۆمەتەکان یان لە شێوەی کتێبدا بووە، یان لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا. جگە لەمە نووسەرەکانی ڕەهەند خۆشیان هەموویان بە یەکجۆر نەدواون و بە یەکجۆر نەچوونەتە ناو وەڵامدانەوە و موناقەشەکردنەوە. زمانی قسەکردن و وەڵامدانەوەیان لە یەکتری جیاواز بووە. زمانی وەڵامدانەوەکانیشیان پەیوەندیی بە "**مۆنۆپۆلکردنی هەقیقەت**"ەوە نەبووە، وەک ئێوە لە پرسیارەکەتاندا هێمای پێ دەکەن، بەڵکو پەیوەندیی بەو زمان و شێوازی پەلاماردان و ڕەخنەکردنەوە هەبووە، کە وەک وتم لەسەر شکاندن و تۆمەتبارکردن و ئیهانەکردنێکی بەردەوام کاری دەکرد. ڕەهەند گۆڤارێک بوو لە سەردەمی جەنگی ناوخۆ و ڕۆژگاریی

دزی و جەردەیی سیستماتیک و لەپاڵ عەقڵیەتی کوشتن و ڕاونانی سەدان و هەزاران مرۆڤدا دەردەچوو. لە ژینگەیەکی لەو بابەتەدا کەس بە زمانی گوڵ قسە ناکات.

**ژنەفتن**: یەکێک لە ڕەخنە هەمیشەییەکانی ڕەهەند لە ڕۆشنبیران و ڕۆشنبیریی کوردی پێش ڕەهەند ئەوە بووە کە ڕۆشنبیرییەکی ئینشائی بووە، واتە ڕۆشنبیرییەکی ڕووکەش بووە بەرهەمهێنەری فیکر نەبووە و دەلاقەی دیکەیان بەسەر تێگەشتنی کورددا بەرامبەر دونیا نەکردۆتەوە و بەشی زۆری سەرقاڵییەکانیان بێ مانا بووە، بۆیە ڕەهەند بە وەرچەرخان دەزانرێت لە ڕۆشنبیری و لە زمانی کوردیدا، ڕەهەند زمانی کوردی لە شیعر و (ئینشاوە) و گواستەوە بۆ زمانێک کە بتوانێت سەروکاری لەگەڵ فیکردا هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک لە ڕەخنەکان لە ڕەهەند پێیان وایە بەشێک لە نووسینەکانی هەندێک لە نووسەرەکانی ڕەهەند نەیانتوانیوە بە تەواوەتی لەو زمانە ڕزگار بن، یان جۆرێکی تر زمانی شیعریان لە فیکردا بە کار هێناوە، بۆ نموونە فرێدانی زۆر وشە و چەمک بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی پێناسە بکرێن، هەروەها دووبارەکردنەوەی چەند جارەی هەمان ڕستە بە شێوازی جیاواز، لە کاتێکدا لە نووسینی زانستی و لێکۆڵینەوەی زانستیدا ئەمە وەک نەنگییەک دەبینرێت؟ هەروەها کە ئاوڕ لە زۆرینەی نووسینەکانی ڕەهەند دەدەیینەوە، بەو پێیەی نووسینەکانیان نووسینی فیکری و ڕەخنەیین بەشێکیشیان خوێندنەوەن بۆ دیاردەکانی کۆمەڵگە، بەڵام کەمترین جار پەنا بۆ داتا و ژمارە براوە، لێکۆڵینەوەکانی ڕەهەند خاڵین لە هەوڵی سەلماندنی گریمانە زانستییەکانیان لە ڕێگەی میتۆدە زانستییە تایبەتییەکانی ئەم بوارە.

**مەریوان وریا:** ڕەهەند گۆڤارێکی ئەکادیمی نەبوو، سەر بە هیچ کایەیەکی تایبەتی ناو زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان نەبوو، گۆڤارێکی سۆسیۆلۆژی یان ئەنترۆپۆلۆژی یان سایکۆلۆژی نەبوو کە تیایدا زانستی سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا ژێرخانە ئەکادیمییەکەی بێت، وەکچۆن گۆڤارێکی فەلسەفیش نەبوو خۆی بە موناقەشەکانی ناو کایەی فەلسەفەوە خەریک بکات. ڕەهەند گۆڤارێکی فیکریی تیۆریی گشتی بوو، فیکر و تیۆرە بە مانا هەرە گشتییەکەی، وەک بەکارهێنان و گەڕاندەوە بۆ چەمک و میتۆد و تیۆرە جۆربەجۆرەکانی ناو کایە مەعریفییە جیاوازەکان. نووسەرەکانی ڕەهەند بۆ جمهورێکی ئەکادیمیش نەیاندەنووسی، بەڵکو بۆ بەشە خوێندەوارە گشتییەکەی کۆمەڵگای کوردییان دەنووسی. ئەو نووسەرانە بە گەڕانەوە بۆ ئەم یان ئەو کایەی مەعریفی و بۆ ئەم یان ئەو چەمک و تیۆرە و قوتابخانەی فیکریی تایبەت، هەوڵی دروستکردنی "دەزگایەکی چەمکی"ی تایبەت بە خۆیان ئەدا، بتوانن لە ڕێگایەوە بیر بکەنەوە و کار لەسەر ئەو ڕەهەندانەی واقیعی ئێمە بکەن کە بە گرنگیان دەزانی. بە بۆچونی من ڕەهەند لەم ئاستەدا کۆمەڵێک کاری گرنگی ئەنجام داوە و لەم ئاستەشدا ئەم نووسەر لەو نووسەری تری گۆڤارەکە، جیاواز بووە. بە کورتی، خوێندنەوەی

نووسەرەکانی ڕەهەند بۆ دونیای خۆیان و بۆ ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین پشتئەستور بوو بە کۆمەڵێک لە دەستکەوتە تیۆری و میتۆدی ناو زیاد لە کایەیەکی مەعریفی، بەڵام هیچیان وەک ئەکادیمییەکی ناو ئەم یان ئەو کایە نەیاندەنووسی. نووسەرەکانی ڕەهەند ڕۆشنبیر بوون نەک ئەکادیمی، "ڕۆشنبیرێکی گشتی"ی نزیک لەو جۆرە ڕۆشنبیرەی فوکۆ ناوی "ڕۆشنبیری یونیڤێرساڵ"یان لێ دەنێت، کەسانێک بە ئەرکی خۆیان دەزانی لەسەر کێشە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ناو دونیای خۆیان قسە بکەن و دەرگیری شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بن، بەڵام قسەکردن و لێکدانەوەیەک لە پەیوەندییەکی پتەودا بە فیکری سەردەمەکەوە. ئەم پەیوەندییە تایبەتە بە کایە مەعریفییەکان و بە میتۆدە جیاوازەکانەوە لەوە ڕزگاری کردبوون ئینشانووس بن و درێژە بەو دۆخی بێفیکری و بێمیتۆدی و بێتیۆرەییە بدەن، کە بەر لە ڕەهەند بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دونیای نووسینی کوردیدا باڵادەست بوو. لە ئەنجامدانی ئەم کارەشدا نووسەرەکانی ڕەهەند بوون بە دروستکەر و داهێنەری زمانێکی تازەی نووسین، کە دەیتوانی زمانێکی تیۆری بێت و پەیوەست بێت بە زمانی ناو زیاد لە کایەیەک لە کایە مەعریفییەکانەوە. زمانی نووسەرەکان هەندێکجار زمانێکی سۆسیۆلۆژی، زمانێکی ئەنترۆپۆلۆژی، زمانێکی سایکۆلۆژی بوو، هەندێک جارێکی تریش زمانی ناو زانستە سیاسییەکان و جارنەجاریش زمانی ناو فەلسەفە بوو. لە هەموو ئەو دۆخانەشدا ئەو زمانە زمانێکی تازە بوو لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا. هاوکات ئەوەش ڕاستە کە شتێکی زۆر لە زمانی شیعر لای ئەم یان ئەو نووسەری ڕەهەند ئامادە بوو، لێرەشدا دیسانەوە بە بڕ و ڕادەی جیاواز لای هەر یەکێک لە نووسەرەکان. ئەوەت لەبیر نەچێت بڕێکی زۆر لە نووسەرە دیارەکانی گۆڤارەکە لە ئەدەبیاتەوە هاتبوون، شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆکار و نووسەری ئەدەبی بوون. درێژەدان بە زمانی شیعری لەناو وتاری فیکریدا سەرچاوەکەی لەو پاشخانە ئەدەبییەدایە.

بە بۆچوونی من مانەوەی ئەم زمانە شیعرییە لەناو زمانی فیکردا تا ئەو شوێنە بەرهەمهێنە کە سەر لە خوێنەر نەشێوێنێت، نەبێتە ئامرازێک بۆ بێهۆشکردنی خوێنەر، زانستیبوون و میتۆدیبوونی گوتارەکان تێک نەدات، ئەو جیاوازییانە نەسڕێتەوە، بۆ نموونە، لەنێوان شیعر و کۆمەڵناسی، شیعر و سیاسەتناسی و شیعر و فەلسەفەدا هەیە. شتێک لە شیعریەت لە زمانی فیکردا جوانە، بەڵام زمانی فیکر و زمانی شیعر دوو زمانی تەواو جیاوازن. بێگومان بڕێک لە ڕاستی لەو بۆچوونەدا هەیە کە ڕەخنە لە شیعریبوونی زمانی فیکر لە ڕەهەندا دەگرێت، هەندێکجار و لای هەندێک نووسەر، ئەو زمانە شیعرییە تەواو زاڵە بەسەر زمانی فیکردا و ئەم زاڵبوونەش زیانی بەو زمانە فیکری و تیۆرییە گەیاندووە کە ڕەهەند داهێنەری بوو. من کە ئەمە دەڵێم، خۆم لەم کێشەیە بە دوور ناگرم، زمانی هەندێک لە نووسینەکانی منیش بێبەری نەبووە لە شتێک لە شیعریەتی زیاد و منیش یەکێک بووم لەو نووسەرانەی لانیکەم، لە قۆناغی نووسین لە ڕەهەندا، گرنگییەکی تایبەتم بە دیوە شیعرییەکەی زمانی نووسین ئەدا. بەڵام ساڵانێکی درێژە من وازم لەم مەسەلەیە

هێناوە و ئەوەی دەینووسم بە ئاگاییەوە لە زمانی شیعر دووری دەخەمەوە. لە پەیوەندیشدا بە مەسەلەی دووبارەکردنەوەی یەک فیکرە بە چەندان شێوازی جیاواز لە وتارێکدا، دیسانەوە، بە نیسبەت ئەم یان ئەو نووسەری ناو گۆڤارەکەوە شتێک لە ڕاستی تێدایە. ئەم دووبارەکردنەوەیە لە زمانی زانستی و ئەکادیمیدا نەنگییە، بەڵام بۆ گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی، کە خوازیاری ئەوەیە بە خوێنەری ئاسایی بگات، دووبارەکردنەوە هەمان فیکرە بە دەربڕینی جیاواز ڕەنگە شتێک لە شەرعیەتی تێدابێت و وەک هەوڵدانێک ببینرێت بۆ دڵنیابوون لە گەیاندنی فیکرەکە بە خوێنەر. ئیشنەکردنی گۆڤارەکەش لەسەر داتا و ئامار پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە گۆڤارەکە زیاتر گۆڤارێکی تیۆری و ڕۆشنبیری بوو، نەک گۆڤارێکی ئیمپیریی، تەتبیقی.

دواهەمین خاڵ بمەوێت لێرەدا کەمەکێک لەسەر بوەستم ئەو ڕستەیەی ئێوەیە کە پێی وایە ڕەهەند سەرقاڵیی نوقسەرەکانی بەر لە ڕەهەندیان بە سەرقاڵییەکی بێمانا زانیوە. ئەوە ڕاستە، وەک ئێوە دەنووسن، ڕەهەند ڕەخنەی لە نووسینی کوردیی بەر لە ڕەهەند هەبوو، بەڵام ڕەهەند هەرگیز پێی وانەبووە "بەشی زۆری سەرقاڵییەکانی" نووسەرانی کورد بەر لە ڕەهەند، "بێ مانا بووە" وەک ئێوە لە پرسیارەکەتاندا نووسیوتانە. لانیکەم ئەمە هەرگیز ڕای هەموو نووسەرەکانی ڕەهەند نەبووە. ئەوەی ئێمە پێوەی سەرقاڵ بووین بێنرخکردن و بێماناکردنی ئەوە نەبوو کە بەر لە ڕەهەند نووسرابێت، بەڵکو ڕەخنەکردنی ئەوە بوو کە دەگوترا و دەنووسرا، ئەمەش لەبەر بێمانایی ئەو نووسین و سەرقاڵییانە نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوە بوو پێمان وابوو ئەوەی نووسراوە ناتوانێت هاریکارمان بێت بۆ تێگەیشتن لەو دونیای تیایدا دەژین و لەو مێژووەی تیایدا نیشتەجێ بووین. ئێمە لە بەردەمی جیهانێکی تەواو تازەدا بووین، بە کۆمەڵێک تەحەدای نوێوە، ئەو جیهانەش پێویستی بە فیکرێکی تازە بوو بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی.